| ناسنامەی بەکارهێنەر (کلایەنت) | | |
|---|---|---|
| ناو | بەرواری لەدایکبوون | ژمارەی ناسنامە |

| ناونیشان | شار | وڵات | کۆدی پۆستە |
|---|---|---|---|
| | | | |

| ژمارەی تەلەفۆن (بە کۆدی ناوچەوە) | زانیاری تر |
|---|---|
| | |

Washington State Department of Social & Health Services
Transforming lives

# ڕەزامەندی
# Consent

**ئاگانامە بۆ بەکارهێنەران:** بەشی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی (DSHS) دەتوانێت باشتر یارمەتیت بدات ئەگەر بتوانین لەگەڵ ئاژانس و شارەزایانی تر کاربکەین کە تۆ و خێزانەکەت دەناسن. لەڕێگەی واژۆ کردن لەسەر ئەم فۆرمە، ئەوا تۆ ڕێگە دەدەیت بە DSHS و کەس و ئاژانسەکانی تر کە لە خوارەوەدا ناویان هاتووە بە بەکارهێنان و هاوبەشی کردنی زانیاری نهێنی لەبارەی تۆوە. DSHS ناتوانێ سوود و دەستگیرۆییەکانی تۆ ڕەتبکاتەوە ئەگەر واژۆ نەکەیت لەسەر ئەم فۆرمە تەنیا ئەگەر ڕەزامەندی تۆ پێویست بێت بۆ دیاری کردنی شایستەبوونت. ئەگەر واژۆ نەکەیت لەسەر ئەم فۆرمە، دەکرێ DSHS هێشتا زانیاری لەبارەی تۆ هاوبەشی پێ بکات تا ئەو ڕاددەیەی کە لەلایەن یاساوە ڕێگەی پێ دراوە. ئەگەر تۆ پرسیارت هەیە لەبارەی ئەوەی کەوا DSHS چۆن زانیاری نهێنی بەکارهێنەرانی هاوبەشی پێ دەکات یاخود لەبارەی مافەکانی تایبەتمەندیت، تکایە ڕاوێژ بکە بە ئاگانامەی پراکتیزەکانی تایبەتمەندێتی DSHS، یان لەو کەسە بپرسە کە ئەم فۆرمەت پێ دەدات.

**ڕەزامەندی**

1. من ڕەزامەندم بە بەکارهێنانی زانیاری نهێنی لەبارەی منەوە لەچوارچێوەی DSHS دا، بەمەبەستی پلان و دابین کردن و هەماهەنگی لەبارەی خزمەتگوزارییەکان و چارەسەرکردن و پارەدان و سوود و دەستگیرۆیی بۆ من یاخود بۆ مەبەستی تر کە لەلایەن یاساوە دەسەڵاتی پێ دراوە. من هەروەها ڕەزامەندی دەدەم بە DSHS و ئەو ئاژانس و دابینکار و کەسانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتووە بە بەکارهێنانی زانیاری نهێنیم و ئاشکراکردنی لەنێوان یەکتریدا بۆ ئەم مەبەستانە. زانیاری دەکرێ بەشێوەی زارەکی یان لەڕێگەی گواستنەوەی داتای کۆمپیوتەری (ئەلکترۆنی)، ئیمەیل یاخود گەیاندنی دەستی هاوبەشی پێ بکرێت.

**هۆکاری ئاشکراکردن: ئەم زانیارییە پێویستە بەرلەوەی DSHS تۆماری دەرمان/ماددەی هۆشبەر و کحول و تەندروستی مێشکی هاوبەشی پێ بکات. ئەگەر ئێرە پڕنەکەیتەوە، DSHS تێبینی وا دەکات کە هۆکاری ئاشکراکردن ئەوەیە کە لەسەر داوای خۆت بووە.**

تکایە سەیری هەموو ئەوانەی خوارەوە بکە کە داخڵی ئەم ڕەزامەندیدانە کراون ئەمە سەرەڕای DSHS، وە بیانناسەوە بە ناو و ناونیشانەوە:

- ☐ دابینکارانی چاودێری تەندروستی: ____________________
- ☐ ابینکارانی چاودێری تەندروستی مێشکی: ____________________
- ☐ دابینکارانی خزمەتگوزاری نارێکی لە بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر: ____________________
- ☐ دابینکارانی تر کە بەڵێننامەیان لەگەڵ DSHS هەیە: ____________________
- ☐ بەرنامەکانی نیشتەجێکردن: ____________________
- ☐ ناوچە پەروەردەییەکان (قوتابخانەکان) و کۆلێژەکان: ____________________
- ☐ فەرمانگەی چاکسازی: ____________________
- ☐ فەرمانگەی پاراستنی دامەزراوانی سەر کار و هاوبەشەکانی دامەزراندن: ____________________
- ☐ کارگێری پاراستنی کۆمەڵایەتی یان ئاژانسە فیدراڵییەکانی تر: ____________________
- ☐ سەیری لیستی هاوپێچ کراو بکە
- ☐ هیتر:

2. هۆکاری ئاشکراکردن: ☐ بەردەوامبوونی چاودێری ☐ یاسایی ☐ کەسی ☐ هیتر:

3. من دەسەڵات دەدەم و ڕەزامەندم بە هاوبەشی پێکردنی ئەم زانیاری و تۆمارانەی خوارەوە (هەموو ئەوانە هەڵبژێرە کە جێبەجێ دەبن):
- ☐ هەموو تۆمارەکانی بەکارهێنەرم ☐ تۆمارەکانی لیستی هاوپێچ
- ☐ تەنیا ئەم تۆمارانەی خوارەوە
  - ☐ مێژووی خێزان و لایەنی کۆمەڵایەتی و دامەزراندن
  - ☐ پلانەکانی چارەسەرکردن و چاودێری
  - ☐ تۆمارەکانی پارەدان
  - ☐ هەڵسەنگاندنە کەسییەکان
  - ☐ قوتابخانە و پەروەردە و ڕاهێنان
  - ☐ زانیاری چاودێری تەندروستی مێشکی (دیاری بکە):
  - ☐ زانیاری چاودێری تەندروستی (دیاری بکە):
  - ☐ هیتر (لە لیستێکدا بیاننووسە):

| **ناسنامەی بەکارهێنەر (کلایەنت)** | | |
|---|---|---|
| ناو | بەرواری لەدایکبوون | ژمارەی ناسنامە |

**تکایە تێبینی ئەوە بکە: ئەگەر تۆمارەکانی بەکارهێنانت هەر یەکێک لەم زانیارییانەی خوارەوەی تیادایە، ئەوا پێویستە ئەم بەشەش پڕ بکەیتەوە تاوەکو ئەم تۆمارانەش داخڵ بکەیت.**

من ڕەزامەندی دەدەم بە ئاشکراکردنی ئەم تۆمارانەی خوارەوە (هەموو ئەوانە هەڵبژێرە کە جێبەجێ دەبن):

☐ تەندروستی مێشکی ☐ HIV/AIDS و دەرەنجامەکان و دەستنیشانکردن و چارەسەری پشکنینی STD ☐ نارێکی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر

- **ئەم ڕەزامەندییە کارایە تاوەکو یەک-ساڵ یان ☐ تاوەکو ____________ (بەروار یان بۆنە).**
- **دەکرێ ئەم ڕەزامەندییە بکێشمەوە یاخود هەڵی بوەشێنمەوە بەشێوەی نووسراو لەهەر کاتێکدا بێت، بەڵام ئەمە کاریگەری ناکاتە سەر ئەو زانیارییانەی کە هاوبەشییان پێ کراوە.**
- **لەوە تێدەگەم کە ئەو تۆمارانەی بەگوێرەی ئەم ڕەزامەندییە هاوبەشییان پێ کراوە، دەکرێ چیتر پارێزراو نەبن بەپێی یاسا کە جێبەجێ دەبن بەسەر DSHS دا.**
- **وێنەیەک (کۆپییەک)ی ئەم فۆرمە شیاوە و کارایە تاوەکو ڕەزامەندی منی بەهۆیەوە بەدەست بهێنرێت بە مەبەستی هاوبەشی پێکردنی تۆمارەکان.**

| | | |
|---|---|---|
| واژۆ | | بەروار |
| واژۆی شایەد / دادنووس، ئەگەر گونجاو بێت | ناوی چاپکراوی شایەد / دادنووس | بەروار |
| واژۆی باوان یاخود نوێنەری تر (ئەگەر گونجاو بێت) | ژمارەی تەلەفون (بە کۆدی ناوچەوە) | بەروار |

ئەگەر من پەیوەندیدار نەبم بە تۆمارەکان، ئەوا من دەسەڵاتم پێدراوە بە واژۆ کردنی چونکە من: (بەڵگەی دەسەڵات پێدان هاوپێچ بکە)

☐ باوان ☐ بەخێوکاری یاسایی (هاوپێچ کردنی فەرمانی دادگا) ☐ نوێنەری کەسی ☐ هیتر:

<u>ئاگانامەی وەرگری زانیاری:</u> **ئەگەر ئەم تۆمارانە زانیاری تێدابێت لەبارەی HIV و STDs، یاخود AIDS، ئەوا دەتوانی چیتر ئەم زانیارییە ئاشکرا نەکەیت بەبێ ڕەزامەندی تایبەتمەندی بەکارهێنەر.** ئەگەر تۆ زانیاریت بەدەست گەیشت پەیوەندیدار بە ئالودەبوون و خراپ بەکارهێنانی **ماددەی هۆشبەر و کحول** لەلایەن بەکارهێنەرەوە، ئەوا پێویستە ئەم بەیاننامەیەی خوارەوە داخڵ بکەیت لەکاتی زیاتر ئاشکراکردنی زانیاری هەروەکو داواکراوە لەڕێگەی: 42 CFR 2.32

ئەم زانیارییە بۆ تۆ ئاشکراکراوە لەم تۆمارانەی کەوا پارێزراون بەهۆی یاساکانی پاراستنی نهێنی فیدراڵی (42 CFR بەشی 2). یاسا فیدراڵییەکان قەدەغەت دەکات لە زیاتر ئاشکراکردنی ئەم زانیارییە، تەنیا ئەگەر ئاشکراکردنی زیاتر بەڕوونی ڕێگەی پێ درابێت بە نووسراوی ڕەزامەندی ئەو کەسەی کە پەیوەندیدارە بە زانیارییەکە یاخود وەک ئەوەی ڕێگەی پێدراوە لەلایەن 42 CFR بەشی 2. دەسەڵاتپێدانی گشتی دەربارەی ئاشکراکردنی زانیاری پزیشکی یاخود زانیاری تر، دەسەڵاتی تەواو (کافی) نین بۆ ئەم مەبەستە. یاسا فیدراڵییەکان ڕێگە دەگرێت لە هەر بەکارهێنانێکی ئەم زانیارییە بۆ لێکۆڵینەوەی تاوان یاخود بۆ دادگاییکردنی هەر نەخۆشێک لەبارەی خراپ بەکارهێنانی کحول و ماددەی هۆشبەر.

## ڕێنمایی لەبارەی تەواوکرنی فۆرمی ڕەزامەندی، DSHS 14-012

**بەکارهێنان:** ئەم فۆرمە بەکاربهێنە کاتێک پێویستیت بە ڕەزامەندی هەبوو لەبارەی بەکارهێنان یان هاوبەشی پێکردنی زانیاری نهێنی لەبارەی بەکارهێنەرێک لەسەر بنەمای بەردەوام بوون دەربارەی بەکارهێنەرێکی DSHS یاخود بۆ ئاشکراکردنی ئەم زانیارییە بۆ ئاژانسی تر بۆ خزمەتگوزارییەکانی هەماهەنگی یان چارەسەرکردن، پارەدان یاخود کردارەکانی ئاژانسەکە، یان بۆ مەبەستی تر کە لەلایەن یاساوە دانی پێدانراوە.

ئەگەر دەکرێت ئەم فۆرمە بەشێوەی ئەلکترۆنی پڕ بکەوە. پێویستە **بۆ هەر کەسێک فۆرمێکی جیا پڕبکەیتەوە، بە منداڵانیشەوە.**

**بەشەکانی فۆرمەکە:**

<u>ناسنامە:</u>

- <u>ناو:</u> ناوی تەنیا یەک بەکارهێنەر بنووسە لە هەر فۆرمێکدا. هەر ناوێکی تر داخڵ بکە کە لەوانەیە بەکارهێنەرەکە بەکاری هێنابێت لەکاتی وەرگرتنی خزمەتگوزارییەکان.
- <u>بەرواری لەدایکبوون:</u> پێویستە بۆ ناسینەوەی بەکارهێنەر لەو کەسانەی کە ناوی هاوشێوە بەکاردەهێنن.
- <u>ژمارەی ناسنامە:</u> ژمارەی ناسنامەی بەکارهێنەر بنووسە یاخود نیشانەی ناسینەوەی تر بنووسە وەکو ژمارەی پاراستنی کۆمەڵایەتی (داواکراو نییە) بۆ یارمەتیدان لە ناسینەوەی تۆمارەکان و بەدواداچوونی مێژوو وە خزمەتگوزارییە وەرگیراوەکان.
- <u>هیتر:</u> لەم بۆکسەدا (خانەیەدا) هەر زانیارییەکی تر بنووسە کە دەکرێ یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشان کردنی تۆمارەکان، لەوانە بەشەکانی DSHS پەیوەندیدار بە خزمەتگوزارییەکان و ناوی ئەندامانی خێزان، یاخود زانیاری پەیوەندیداری تر.

<u>ڕەزامەندی (دەسەڵات پێدان):</u>

- <u>هۆکاری ئاشکراکردن:</u> ئەم زانیارییە پێویستە بەرلەوەی DSHS تۆماری دەرمان/ماددەی هۆشبەر و کحول و تەندروستی مێشکی هاوبەشی پێ بکات. ئەگەر ئێرە پڕنەکەیتەوە، DSHS تێبینی وا دەکات کە هۆکاری ئاشکراکردن ئەوەیە کە لەسەر داوای خۆت بووە.
- <u>ئاژانسەکان و کەسەکان کە تۆمارەکان ئاڵوگۆڕ دەکەن:</u> ئەم فۆرمە پڕکراوەیە ڕێگەدەدات بە: (1) بەکارهێنان و ئاشکراکردنی زانیاری نهێنی لەناو DSHS و ئاژانسەکان یان کەسەکان کە لە لیستەکەدا هاتوون؛ وە (2) ئاشکراکردنی زانیاری نهێنی بۆ DSHS لەلایەن ئاژانسە دەرەکییەکان یان ئەو کەسانەی لە لیستەکەدا هاتوون. دەکرێ لیستێکی ناوی ئاژانسەکان هاوپێچ بکەیت، ئەوانەی کە ڕێگەیان پێدراوە هاوبەشی بە زانیارییەکان بکەن، وە هەروەها بەکارهێنەریش دەبێ واژۆیان بکات.
- <u>زانیاری داخڵکراو:</u> بەکارهێنەران دەبێ ئەوە دیاری بکەن کە چ جۆرێکی تۆمارەکان دەچنە چوارچێوەی ڕەزامەندییەکە. بەکارهێنەران دەکرێ هەموو تۆمارەکان بەردەست بخەن، یاخود دەکرێ تۆمارەکان بەگوێرەی بەروار و جۆر و سەرچاوەی تۆمار سنووردار بکەن. ئەگەر بەکارهێنەرێک واژۆ لەسەر ڕەزامەندییەک نەکات، یاخود جۆرێکی دیاری کراوی تۆمار دەستنیشان نەکات، ئەوا هاوبەشی پێکردنی ئەم تۆمارە هێشتا ڕێگەپێدراو دەبێت ئەگەر لەلایەن یاسایەوە ڕێگەی پێ بدرێت. دەکرێ لیستێکی تۆمارەکان هاوپێچ بکەیت، ئەوانەی کە بەکارهێنەر پێویستە واژۆیان بکات. ئەگەر هەر تۆمارێک هەبوون کەوا زانیاری پەیوەندیداری بە تەندروستی مێشکی (RCW 71.05.620)، ئایدز HIV/AIDS یان پشکنین و چارەسەری STD ی (RCW 70.02.220)، یاخود خزمەتگوزارییەکانی کحول و ماددەی هۆشبەری ((42 CFR 2.31(a)(5 تێدابوو، ئەوا پێویستە بەکارهێنەر ئەم شوێنانە بەدیاریکراوی دەستنیشان بکات بۆئەوەی ڕێگەپێدان بدات بە هاوبەشی پێکردنی ئەم تۆمارانە. ئەم فۆرمە کارا و شیاو نییە بۆ داخڵکردنی تێبینییەکانی چارەسەری دەروونی بەگوێرەی (45 CFR 164.508(b)(3)(ii؛ وە بۆیە فۆرمێکی جیا پێویستە پڕبکرێتەوە بۆ داخڵکردنی ئەم تۆمارانە.
- <u>ماوە:</u> بەرواری بەسەرچوونی ڕەزامەندییەکە داخڵ بکە ئەگەر جیاواز بێت لە یەک ساڵ. ڕەزامەندییەکە لەماوەی یەک ساڵدا بەسەردەچێت تەنیا ئەگەر بەروارێکی جیاواز دەستنیشان بکەیت.
- <u>تێگەیشتن:</u> دڵنیابە لەوەی بەکارهێنەر تێدەگات چ ڕێگەپێدانێک دەدرێت و بۆچی و چۆن زانیاری هاوبەشی پێ دەکرێت. ئەگەر پێویست بوو، فۆرمێکی وەرگێڕدراو و وەرگێڕی فەوری بەکاربهێنە یاخود فۆرمەکە بە دەنگێکی بەرز بخوێنەوە. ئەگەر بەکارهێنەرەکە پێویستی بە زانیاری زیاتر هەبوو، ئەوا کۆپییەکی تری ئاگانامەی پراکتیزەکانی تایبەتمەندییتی DSHS دابین بکە، یاخود بەکارهێنەرەکە بنێرە لای کارمەندی ئاشکراکردنی گشتی لە یەکەکەتدا.

<u>واژۆکان:</u>

- <u>بەکارهێنەر:</u> وا بکە کەوا بەکارهێنەر یاخود منداڵێک لەسەرووی تەمەنی ڕەزامەندی دان (13 بۆ تەندروستی مێشکی و خزمەتگوزارییەکانی ماددەی هۆشبەر و کحول؛ 14 ساڵی بۆ HIV/AIDS وە STDs یەکانی تر؛ هەر تەمەنێک بۆ کۆنترۆڵکردنی منداڵ بوون و لەباربردن؛ 18 ساڵی بۆ چاودێری تەندروستی و تۆمارەکانی تر) کەوا ئەم خانەیە (بۆکسە) واژۆ بکەن و بەرواری واژۆکەیان بنووسن. دەکرێ بەکارهێنەر نیشانەیەک لەم خانەیەدا دابنێت بە شایەدی تۆ.
- <u>شایەدی یان دادنووس:</u> شایەد یاخود دادنووس دەکرێ پێویست بێت بۆ پشتڕاست کردنەوەی ناسنامەی بەکارهێنەر ئەگەر بەکارهێنەر ئەم فۆرمە پێشکەش نەکات یاخود ئەگەر بەرنامەیەک داوای پشتڕاست کردنەوە بکات. ئەو کەسە دەبێ واژۆ بکات و ناوی خۆی چاپ بکات.
- <u>باوان یان نوێنەری تر:</u> ئەگەر بەکارهێنەر منداڵێک بوو لەخوار تەمەنی پێگەیشتن (بالغ بوون)، ئەوا دەبێ باوان یان بەخێوکار واژۆ بکەن. ئەگەر منداڵەکە نەگەیشتبووە تەمەنی بالغ بوون دەربارەی هاوبەشی پێکردنی هەموو تۆمارەکان، ئەوا دەبێ هەردوو، منداڵەکە و باوان واژۆ بکەن. ئەگەر بەکارهێنەرەکە بە یاسا ڕاگەیندرابوو کەوا شیاو نییە، ئەوا دادگا بەخێوکار دەستنیشان دەکات کە واژۆ بکات و کۆپییەک لە فەرمانی دانانی وەکو بەخێوکاری منداڵەکەش دابین بکات. ئەگەر کەسێک واژۆ بکات بە سیفەتێکی تر (لەوانە کەسێک بریکاری فەرمی هەبێت یان نوێنەری موڵک و ماڵ بێت)، ئەوا نیشانە دابنێ لەسەر "هیتر" و کۆپییەکی دەسەڵات پێدانی یاسایی بەدەست بهێنە تاوەکو بتوانی مامەڵەی پێوە بکەیت. ئەو کەسەی واژۆ دەکات پێویستە بەرواری واژۆکەی بنووسێت و ژمارەی تەلەفۆن یان زانیاری پەیوەندی پێوەکردنی دابین بکات.